# ئیدعای" ڕزگارکردنی خەڵکی عێراق"، فریوکاریەکی قێزەونە!

abdollamahmud@yahoo. com

**عبدالله مەحمود**

دام و دەزگا ڕاگەیاندنە بەکرێگیراوەکانی جەنگی ئەمریکاو بەریتانیاو بەرپرسانی کۆشکی سپی و پنتاگۆن و بەشێك لە پاسەوانانی چاڵە نەوتەکانی کەنداو سەرانی بزوتنەوەی ناسیونالستی کوردو میدیا بێ شەرمەکانیان، بە ئەندازەی ئەو جەنگەی ئینسانەکان لە خوێن هەڵدەکێشێ و کۆمەڵگا نابوت دەکات و دەیکات بەوێرانە، شەرماوەرە.

.ڕزگارکردنی خەڵکی عێراق، کە لە میدیایکان و دەمی بەرپرسانی جەنگ و یەکرێگیراوەکانیانەوە ڕۆژانە پەخش دەکرێت، یەکێکە لە سیما هەرە قێزەونەکانی ڕاگەیاندنی ئەو جەنگە دژی ئینسانیەی کە چەند هەفتەیەکە دەستی پێکردووە.

دوای دوانزە ساڵ لە کوشتاری ڕۆژانەی خەڵك بە چەکی کۆمەڵکوژی ئابلۆقەی ئابوری و بە بارمتە گرتنی شیرو دەرمان و خۆراك و دەیان پێداویستی تر لە منال و پیرو گەورەو بچوك و لاوی عێراق کە هیچ گوناهێکیان نیە جگە لەوەی کە عێراقین، پاشان داسەپاندنی جەنگێکی خوێناوی و دڕندانە بەسەر خەڵکی عێراقدا، بەوە پاساو بدەیت کە ئەمە بۆرزگاری خەڵکی عێراقە لە زوڵمی سیاسی و ئیستبدادی بەعس، ئەمە جگە لەدرندەیی ئەو نەزمە نوێیەی ئەمریکا بەدواوەیەتی و ئەوانەی ملکەچانە بۆ بەش پێبران لە خێرو بەرکەتی ئەم نەزمە سەرەیان گرتوە، شتێکی تر نیشان نادات.

ئاخر لەکوێ ی دنیا کوشتاری منالْ و گەورەو بچوك و پیرو پەکەوتە، بە سیاسەتی ئابلۆقەی ئابوری و پاشان کوشتاریان بە داباراندنی هەزاران تەن لە ئاسن و ئاگر وباروت، بۆ ڕزگاریان پێناسەکراوە؟لەکوێ ی دنیا کەم ئەندام کردن و سەقەت کردنی هەزاران ئینسان کراوەتە ڕێگای رزگاریان؟ وێران و خاپور کردن و سوتاندنی دامەزراوە ئابوری و خزمەتگوزاریەکان و برینی ئاو کارەباو هێڵی تەلەفۆن، بەپێ ی کام مەنتیق، دەروازەی نەجاتی خەڵك بووە؟ئاوارەکردنی سەدان هەزار ئینسان و ڕاگرتنی پرۆسەی پەروەردەو خوێندن و خاپورکردنی قوتابخانەو ماڵ بەسەر سەری خەڵکیدا، بە پێی کام پێوانە خزمەتی خەڵکی ستەمدیدە دەکات؟ ودەیان پرسیاری تر.

جگە لە خوێنڕێژانی نەزمی نوێ و نۆکەرە بێمایەکانیان لە پاسەوانانی چاڵە نەوتەکانی کەنداو، چەلەبی و وەفیق سامەرایەکان و سەرانی بزوتنەوەی قەومی کوردو قەڵەم فرۆشە بەکرێگیراوەکانیان، کێ هەیە نەفرەت لەو بەربەریەتە نەکات کەهەر ئیستا بە بەرچاوی دنیاوە ڕودەدات. کێ هەیە بەئەندازەی سەرە دەرزیەك ئیحساساتی ئینسانی هەبێت و هەرزان فرۆشی نەکردبێت، بە بینینی کوشتاری منالان و خەڵکی شارەکانی بەسرەو بەغداو ناسریە ونەجەف و کەربەلاو. . . و وێرانکردنی قوتابخانەو ماڵ بەسەریاندا، موچورك بەلەشیدا نەیەت و ڕانەچڵەکێت و تف نەکاتە ئەم وەحشیگەریە ئاشکرایە.

بەڕاستی ئەو حیزب و لایەنانەی چرای ئومێدی خۆیان بەم وەحشیگەریەوە گرێداوە، دڕندەنین؟ دژی ئینسانی نین؟ دژی ئازادی و ڕزگاربوونی خەڵکی نین؟وەئەلگۆو شاگردی دیکتاتۆرەکا ن وصدام حسینەکانی دنیا نین؟

صداو حسین تا ئەمرۆش ئینکاری بەکارهێنانی کوشتاری خەڵکی هەڵەبجە دەکات بەچەکی کیمیایی، ئینکای ئەنفالکردنی نزیك بەدووسەد هەزار ئینسان دەکات، بەو دڕندەیەی خۆیەوە خۆ ی ناکات بە خاوەنی و شەهامەتی نی یە ڕای بگەیەنێت کەئەم دڕندایەتیەی ئەنجام داوە، کەچی سەرانی بزوتنەوەی قەومی کورد و قەڵەم فرۆشە گرگنەکانیان، بونەتە لایەنێکی ڕاگەیاندنی جەنگی و شانازی بەکوشتاری خەڵکی عێراق و وێران بونیەوە دەکەن. بەڕاستی سەیرە مەعدەن و قوماشی لەو بابەتەی ناسیونالستی لە مێژوی بەشەریەتی ئەم سەردەمەدا بەدەگمەن ئەدۆزرێتەوە.

ناسیونالیزم وەکو بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی ڕاستە ناسنامەی ئینسانی لەبەر ئینسانەکان دائەماڵێت و نەتەوەو خاك و کەلەپورەکەی بە پیرۆز ڕادەگرێت، و لە ژێر ناوی پاراستنی خاك و ئاوی کەوسەر کەلەپور و مێژوەکەیدا ئەجەنگی، دژی داگیرکاری دەرەکی یە، هەموو شتێکی خۆولاتی لاپیرۆزە، کەچی ئەم ناسیونالیزمەی کورد بە دریژایی مێژووی خۆی، خۆش خزمەتی کردوە بە پیشە، دەیان جار پێش لەشکری ڕژێمە داگیر کەرو دژی ئینسانیەکانی وەکو تورکیاو ئێران ی کردووە بۆسەر خاکی پیرۆز!!ی کوردستانەکەی، هەر ئەوەندەی بەعس و صدام حسین ئیشارەتێکی بۆکردبن بە پەلە پرۆزێ لە بەر بارەگاکەی هەڵکورماون و بە سید رئیس و دادوەر لە قەڵەمیان داوە و، پێش لەشکری کراوە بۆ ڕزگارکردنی!! هەولێری پایتەختی کوردستان!!، لەو کاتەوە ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی عێراقی لە ژێر چاودێری ئەمریکادا کۆکراونەتەوە، ئیدعای عێراقی بوونی ناسیونالیزمی کورد بە شوێنێك گەیشتوە، لە وەفیق سامەرای و چەلەبی وخەزرەجی و صدام حسین زیاتر سوێند بەیەك پارچەیی خاکی عێراق دەخۆن وباسی پاراستنی سەروەریەکەی ئەکەن، کەچی لە هەمانکاتدا پێشوازی لە هێزی ئەمریکی و بەریتانی دەکەن و دەست خۆشانە لە کوشتاری خەڵکی ئەم خاك و ئاووە پیرۆزە!! بە دەستی ئەمریکا و بەریتانیا ئەکەن و بێشەرمانە دەڵێن ئەمە بۆ ڕزگاری خەڵکە.

خەڵکی عێراق و کوردستان کە ڕوبەروی هێرشی دڕندانەی ئەمریکاو بەریتانیا و نۆکەرەکانیانن، زیاتر لە چارەکە سەدەیەکیشە بەدەست دڕندەیی نیزامی بەعسەوە دەناڵێنن، حەقیانە ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی عێراق بەکورد عەرەبیەوە، وەکو تاوانبارانی جەنگ تەماشا بکەن. وەئەم خەڵکە حەقیانە بەهەموو توانایانەوە ڕوبەڕوی دڕندەیی هێزەکانی ئەمریکاو بەریتانیاو ئۆپۆزیسیۆنی بەکرێگیراویان ببنەوە، وەدەبێ خەباتی حەق خوازانەیان بۆ ڕاگرتنی دەست بەجێ جەنگ و کردنەدەرەوەی هێزەکانی ئەمریکاو بەریتانیا، لەگەڵ بزوتنەوەی دژی شەر لە سەراسەری دنیادا لێکهەڵپێکن. ئەمە ئەو ڕێگایەیە کە دەتوانێ نەخشی جدی بگێری بۆ نەخشاندن و دیاریکردنی ئایندەی سیاسی عێراق.

شیعاری ڕزگارکردنی خەڵکی عێراق، کە ئەمریکاو بەریتانیاو نۆکەرەکانیان بەدەستیانەوە گرتوە، لە فریوکاریەك و درۆیەك بۆ شەرعیەتدان بەجەنگ و تێك شکاندنی ئیرادەی خەڵك و تەسلیم کردنیان زیاتر ناتوانێ شتێکی تربێت. هێنانە گۆری ئەم دروشمە بۆ شەرعیەت دانە بە هەڵبژاردنی هەر وولات و جغرافیایەکی لاواز تا ملهوری تیا بنوێنن لە ژێر ناوی ڕزگارکردنی خەڵکەکەیدا. ئەگەر ئەم مەنتیقە ڕەسمیەت وەربگرێت ئەوا ئەبێ نیوەی دنیا چاوەڕێی کوشتار ونابوتکردن بێت تا خەڵکەکەی لە صدام حسێنەکان و دەسەڵاتی خامەنەیی و خاتەمی و شێخەکان و. . . ڕزگار بکرێت !!. لەوەش واوەتر ئایندەو چارەنوسی خەڵك بسپێردرێت بە هەڵبژاردنی ئیختیاریانەی زلهێزی و نەزمی باڵادەستی دنیا، هەر بزوتنەوەو لایەنێکی سیاسیش ئەگەر لە دەرەوەی ئەم زلهیزی و ملهوریە لە دژی نیزامە سیاسیە سەرکوتکەرەکان بێتە مەیدان، مۆری تیرۆریستی و سەرەڕۆی و ئاژاوەگێری لێبنرێت.

دیکتاتۆریەتی صدام حسین و نیزامەکەی ئەگەر لەلایەن ئەمریکاو غەربەوە بەدرێژایی دەسەلاتەکەی سەرپۆشی پێدادراوەو لەوەش واوەتر پشتیوانی کراوەو بە چەکی کۆژ و وێرانکەر

بەهێزکراوە، و دڕندایەتیەکەی بۆیەکجاریش نەبراوەتە ژێر پرسیار، وەئەگەر ئەم ڕژێمە چەندین جار لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازیەوە ستایش کراوەو لەژێر ناوی مصالەحەی نیشتمانیدا بەرەی لەگەڵ پێکهێنراوە، ئەگەر لەلایەن ناسیونالیزمی کوردەوە چاوەڕێی نیەت باشی و بەرەسمی ناسینی مافەکانی خەڵکی پێ پاساو دراوەو لاملی ماچ کراوەو ساتو سەودای لەگەڵ کراوە، ئەوا خەڵکی عیراق وکوردستان گومانێکیان لە دڕندەیی ئەم ڕژێمە نەبوەو بۆیەك ڕۆژ لە خەبات نەوەستاون بۆ ڕوخاندنی ئەم ڕژێمە، لەماوەی دەسەلاتی بەعسدا نەك خەڵکی عێراق لەلایەن ئەمریکاو غەرب و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی کوردو عەرەبەوە پشتیوانی نەکراوە بەڵکو هەمیشە خەباتی سەربەخۆو شۆڕشگێرانەی ئەم خەڵکە بە گێرە شێوێن و تابوری پێنجەم ناو براوە، و پشتیوانی بەعس کراوە، بەرەی حزبی شیوعی عێراق لەگەڵ بەعس زۆر کۆن نیە، ئەنزبات و سوپای بەعس لەگەڵ هێزی پێشمەرگە بەیەکەوە هەڵیان کوتاوەتە سەر خۆپیشاندانی نارەزایەتی خەڵك و مێژوەکەی لە بیر هەموانە، بەرگرتن بە خرۆشانی جەماوەری ساڵی ١٩٩١ و دەست ئاوەلاکردنی بەعس لەلایەن ئەمریکاوە، سیناریۆیەکی تاڵی دوێنێ یە.

به جیا لەهەموو ئەمانە دیکتاتۆریەتی صدام و نیزامی بەعسی پەروەردەکراوی دەستی ئەمریکاو غەرب، هەرگیز شەرعیەت نادات بەکوشتاری خەڵکی عێراق و وێران وخاپورکردنی کۆمەڵگای عێراق لە لایەن هێزەکانی ئەمریکاو بەریتانیا، شەرعیەت نادات بە ئیدعای ناسیونالیزمی عەرەب و ئیسلامی سیاسی و روحانیەکان تا فتوا ڕابگەیەنن و شەڕی مەزهەبی وەڕێبخەن، ، شەرعیەت نادات بە ئۆپۆزیسیۆنی گوێ لەمستی ئەمریکا تا لەسایەی کوشتارو وێرانبوونی کۆمەڵگادا خۆیان بەدەسەلاتی سبەینێوە هەڵواسن، شەرعیەت نادات بە دەمارگیری قەومی وهەڵرشتنی ژەهراوی ناسیونالستی تا خەڵکی عێراق و ناوچەکە بەربدەنە گیانی یەکتری و کوشتاری قەومی وەرێبخەن، خەڵکی عێراق خۆیان قوربانیانی ئەم کەسافەتەن.

درندەیی نیزامی بەعس و سەرکوت و بی ماف هەمەلایەنە، زەمینەی خەباتی خەلك بووە لەدژی ئەم رژیمە بۆ دەست ڕاگەیشتن بە مافەکانیان و ژیانێکی ئینسانی.

ئەمرۆ چ جەنگخوازی ئەمریکا لەدژی خەڵکی عێراق و ناوچەکە وچ دژی ئینسانی بوونی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی عێراق و کەسافەتی ئیسلامی سیاسی و ناسیونالیزمی عەرەبی لە هەرچی زیاتر شەرعیەت دەدات بە خەباتی حەقخوازانەی خەلك بۆ ڕزگاری، نابێ ڕێگا بدرێت خەباتی حەقخوازانەی خەڵکی لەلایەن ئەم دەوڵەت و لایەنە کۆنەپەرست و دژی ئینسانیانە بە بارمتە بگیرێت، لە پێناو ئامانجی دژی ئینسانیدا.

خەڵکی عێراق دەبێ ڕیزی خەباتکارانەی خۆیان بۆ رزگاری لەدەست درندەیی نەزمی نوێ و بەکرێگیراوەکانیان و ڕژێمی فاشستی بەعس، لە ریزی فتوادەرانی ئاخوندەکان و ئیسلامی سیاسی و ناسیونالیزمی عەرەب و کورد جیا بکەنەوە و بەرگری حەقخوازانەی خۆیان، لە ریزێکی سەربەخۆو پێشکەوتنخوازانەدا ڕیك بخەن.

دەبێ ناسنامەی ئینسانی و بەرگری ئینسانی بۆ پاراستنی ناسنامەی ئینسانیان، لەبەرامبەر ڕاگەیاندنی فریوکارانەی بۆرژوازیدا بەدەستەوە بگرن و بە شیعاری"ڕاگرتنی دەست بەجێ ی جەنگ""چونەدەرەوەی دەست بەجێ ی هێزەکانی ئەمریکاو بەریتانیا لە عێراق و ناوچەکە""دادگای کردنی تاوانبارانی جەنگ""قەرەبوکردنەوەی زیانەکانی شەڕ لەدژی خەڵکی عێراق و ناوچەکە""بەرەسمی ناسینی خەباتی هەقخوازانەیان بۆ دیاری کردنی ئایندەی خۆیان بەدەستی خۆیان" بێنە مەیدان.

٢٠٠٣/٣/٣

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣